**رێگای کوردستان**

چوارشەممە (٢٤)ی کانوونی یەکەم (دێسەمبەر)ی ٢٠٠٣ ژمارە (٥٧٤) ساڵی (٥٨)

# ● تیرۆژ

## دیموکراسی بە مەرجی بردنەوە

هەندرێن ئەحمەد

هەنگاونان بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگای مەدەنیو ژیانێکی ئاسوودە، دەمێکە قسەی لەسەر دەکرێتو لەهەر قۆناغێك لەم چەند ساڵەی دسەڵاتداریێتی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستاندا! دیموکراسی یان هەوڵدان بۆ بەبەرداکردنی بەرگی دیموکراسی لەو هەنگاو یان ئەو پرۆسەیە، ئینجا هەر چۆنێك بەڕێوەبچێت تەنها مەرج بردنەوەی زۆرینەی دەنگەکان بۆ لایەنی دەسەڵاتدار لەو هەرێمە دوو کەرتەدا پێوەری بە دیموکراسی ئەنجامدانی پرۆسەکەیە. قسەکردن لەو بابەتە زۆر لایەنو بواری پێوە گرێدراوەو رەنگە هەندێکیان قۆناغە کە فەرزی بکات ئەگەر ئەمە وەك بیانوو وەربگیرێت! بەڵام ترسی مرۆ لەو کاتەداو لە دوای شەڕێکی ناوخۆی ئێجگار بێزەور ئەوەیە، پێناچێت پەندو عیبرەت لەو دەرسە ناخۆشانە وەرگیرابێت، پێناچێت خۆ فەرزکردنو پاوانی سیاسی وا بە زوویی بە کۆتا بێت، پێناچێت وازمان لەوە هێنابێت کە ئەگەر کێشەی کورد بە دەست حزبەکەی منەوە نەبوو یان قەڵەمڕەویم لەو شوێن لە دەست مندا نەبوو با ئەو پرۆسەیە، ئەو هەلە لە دەست بچێتو هیچ باکم نییە، چونکە ئەوی دیکە تاوانبارە!! نموونەی زیندوومان بۆ رەوشێکی وەها ئەو هەڵبژاردنەیە کەوا چوار رۆژە بەڕێوەیە لە نێو فێرگەو قوتابخانەو زانکۆکاندا. ساڵانی پێشوو هەڵبژاردنی قوتابیانو خوێندکاران لەهەر کەرتێکی ئەو هەرێمەدا بەجیا بەڕێوەدەچوو، لەگەڵ ئەوەی خروقاتی زۆر دەکرا، هەموو دەزگا حکومییەکان ئامرازەکانی لە خزمەتێکی رێکخراوی سەربە دەسەڵات بەکار دەهات بەڵام دەگوترا هەڵبژاردن بە دیموکراسیترین شێواز بەڕێوەچوو، ئەوانەی باسی خروقات دەکەن ئەوانە دەنگ بە دەست ناهێنن بۆیە دەیانەوێ پرۆسەیەکی وا دیموکراسی ناشیرین بکەن، سەیر کەن چونکە زۆرینەی مسۆگەر کردووە بۆیە دیموکراسییە.

بەڵام خۆشبەختانە ئەمساڵ رێکخراوەکانی قوتابیان-خوێندکاران لە ژێر دروشمێکی ئێجگار زەبەلاحدا چوونە هەڵبژاردنەوەو بەشێوەیەکی سەرتاسەری، کەچی هەر رۆژی یەکەمو دووەم هەردوو رێکخراوی سەر بە حزبی دەسەڵاتدار تۆمەتباری یەکدیان کرد بەوەی هەریەك لە ناوچەی خۆی چەند سەد خروقاتی کردووەو پرۆسەکە لەوێدا نادیموکراسی بوو، دیارە مەسەلەکەش بەدەست نەهێنانی دەنگەو نفوزیان لەو شوێنانە لاوازە، بەڵام مەنتقی ئەوانە ئەو هاوکێشەیەی پێ هەزم ناکرێت، ئەوانە دیموکراسیەکیان دەوێت بە مەرجی بردنەوە، ئەگەرنا دیموکراسی پێشێلکراوە ئەوانە لە بیریان چووە هەمان گوتەی خۆیان لە سەرخۆیان بڕوێنن، کە دەڵێ چونکە دەنگیان بە دەست هێناوە بۆیە دەیانەوێ پرۆسەیەکی وەها ناشیرین بکەن!!

Handren.ahmed@kurdistancp.org